# کەرکووکەکەم

*کاوەی خەسرەو کاوانی*

زۆر جار دەڵێن :
هۆنراوەم زۆر بۆت نوسیووە ,
لێوی هۆنراوەکانی خۆم
بەناوی تۆ تەڕ کردووە و
چەندان جار تۆم راموسیووە ,
ئازیزەکەم
شاعیر وەکو ئەو دایکەیە
بۆ ئەو رۆڵەی کە لێ ی وونە
دڵی گیرۆدەی سووتانە ,
دەروونی بۆ پڕ لەزامە
چاویشی حەز بە گریانە ,
ئەی شارەکەم ,کەرکووکەکەم
تۆش ئەو رۆڵەی ساڵەهایە
لەمن وونە ,
بۆیە هەردەم ناوەکەی تۆ
لەسەر لێومەو ....
سەرچۆپی هۆنراوەی منە .